# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە ٦٥ – ٢٠٢٥
گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەنی ئیمتیازی گۆڤار
حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر
پ. د. موحسین ئەحمەد عومەر

بەڕێوەبەری نووسین
د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:
پ. د. قەیس کاکل تۆفیق
پ. د. بەختیار سەجادی
پ. د. فەرهاد قادر کەریم
پ. ی. د. ئەحمەد موحەممەد مام عوسمان
پ. ی. د. عەبدولواحید ئیدریس شەریف
پ. ی. د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاوێژکاران:
پ. هـ د. میشێل ایزەنبێرگ
پ. د. مارتن ڤان برونسن
پ. د. جەلیلی جەلیل
پ. د. ساڵح ئاکین
پ. د. جەعفەر شێخولئیسلامی
پ. د. عەبدولڕەحمان ئەداک
پ. هـ د. هاشم ئەحمەدزادە

هەولێر/ شەقامی هەڵەبجە
ISSN: 2520- 4106
Web: journal.ka.gov.krd

گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، لەلایەن ئەکادیمیای کوردییەوە دەردەکرێت و بایەخ بە توێژینەوەی کوردی لە بوارەکانی زمان، ئەدەب، دیرۆک، جوگرافیا و کولتووریی کوردی دەدات.
گۆڤارەکە توێژینەوەکان بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەکاتەوە و یەکەم ژمارەی لە ساڵی ٢٠٠٢دا بڵاو بووەتەوە.
ئەم گۆڤارە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی باوەڕپێکراوە.


* ڕێکخەری کاروباری گۆڤار: ئیمان نەجات ئاغۆک
* دیزاین: هەرێم عوسمان
* ماڵپەڕی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی:
Web: journal.ka.gov.krd


* ئیمێڵ: journal@ka.gov.krd
* مۆبایل: 009647508375575

وەرگرتن:
پەسەندکردن:

# ئوروکاگینا و زمانی چاکسازی و یاسایی سەرەتایی

هاوژین کمال اومر
زانکۆی سەلاحەددین
کۆلێژی ئاداب
.بەشی شوێنەوار
Hawzhin.omar@su.edu.krd.

پ.ی.د ئاری خلیل کامیل
زانکۆی سەلاحەددین
کۆلێژی ئاداب
بەشی شوێنەوار.

پوختە

ئوروکاگینا کۆتا پاشای بنەماڵەی یەکەمی لەگەشە، کە بە یەکێک لە بەهێزترین بنەماڵە سۆمەرییەکانی نیوەی دووەمی سەردەمی سێیەمی سەرهەڵدانی بنەماڵە سۆمەرییەکان (٢٥٠٠B–٢٣٥٠پ. ز) لە باشووری وڵاتی دوو ڕووبار دادەنرێت. نووسەری سەرەتاییترین دەقی چاکسازیی ئابووری و کۆمەڵایەتی بووە. بە یەکێک لە کۆنترین نموونەکانی بنەمای یاسا و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لە مێژوودا هەژمار دەکرێت، دەقە چاکسازییەکانی لە تۆماری پێنج کۆپیی جیاواز، لە ناوەرۆک و مێژوودا دەردەکەوێت. لە سەر نزیکەی ١٠ ڕوونووس پارێزراون. شێوەی زۆربەیان قووچەکی گڵێنەیە و قاپی گڵێنەیی شێوە هێلکەیی نووسراون. لە ڕووی زانیارییەوە هەموو کۆپییەکان بە تەواوکەری یەکتر دادەنرێن. ئوروکاگینا کاری بۆ گێڕانەوەی ئازادیی هاووڵاتیانی خۆی کردووە، کە ڕووبەڕووی ستەم و دەستدرێژیی زۆر بوونەتەوە، مافە خوراوەکانی بۆ گێڕاونەتەوە، قۆناغی چاکسازیی ڕیشەیی لە بنیادی کۆمەڵگە و دەوڵەتدا دەست پێ کردووە، هەروەها دەقە چاکسازییەکانی ئوروکاگینا بە کۆنترین دەقی نووسراو دادەنرێت کە تێیدا وشەی سۆمەری "ama-gi" (ئازادی) هاتبێت، ئاماژەیەکە بۆ ئازادیی هاووڵاتیان لە بارودۆخە نادادپەروەرییەکاندا، ئەمەش وای کردووە ئەم پاشایە ببێتە هێمایەکی سەرەتایی بۆ بیری دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و چاکسازیی شارستانی لە مێژوودا.

کلیلەوشە: ئوروکاگینا، چاکسازی، یاسا، دەق و لەگەش، مێژووی کۆن. شوێنەوارناسی.

## پێشەکی

دەوڵەتەشاری لەگەش بە یەکێک لە بەهێزترین و گرنگترین دەوڵەتەشارە سۆمەرییەکانی نیوەی دووەمی سەردەمی سێیەمی سەرهەڵدانی بنەماڵە سۆمەرییەکان (٢٥٠٠B–٢٣٥٠پ. ز) لە باشووری وڵاتی دوو ڕووبار دادەنرێت. ناوەندێکی کاریگەری بوارەکانی سیاسی، کولتووری، کارگێڕی، هونەری و یاسایی وڵاتی سۆمەر بووە. شاری لەگەش پایەتەختی بووە، لە ئێستادا بە یەکێک لە گەورەترین ناوەندە شوێنەواری و شارستانیەتەکانی وڵاتی ڕافیدەین هەژمار دەکرێت. پاشماوەکەی ناوچەیەکی گەورەی شوێنەوارییە، بە دووریی (٢٤کم) دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی قەزای شەترە لە پارێزگای زیقار، لە باشووری عێراق، ئابوورییەکی سەربەخۆ و پێشکەوتووی هەبووە. دەوڵەتەشاری لەگەش ڕووبەرێکی گەورە و فراوانی هەیە، نزیکەی ٣٠٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە کە لە چەند شارێک پێک دێت. شاری لەگەش ناوە تازەکەی "تلول الهبة"ە، لە نزیکیەوە پاشماوەی شوێنەواری دوو شاری تری گرنگ هەیە، دیارترینیان لە دووریی (٢٥کم) لە باکووری ڕۆژئاوای لەگەش، ئەویش شاری گرسۆ "تەلۆ"یە، لە باشووری ڕۆژهەڵاتیشدا بە دووریی (١٠کم). شاری نینا ناوە تازەکەی "سورگول"ە، چوارەم شاری گوئەبا (GÚ-AB-BA$^{ki}$)یە، دەکەوێتە سەر لقی ڕووباری دیجلە لە باشووری شاری گرسۆ بە دووریی (٤٥کم) لە سەر کەنداو. یەکێک لە بەهێزترین بنەماڵە سۆمەرییەکان فەرمانڕەوایەتییان تێدا کردووە، ئەویش بنەماڵەی یەکەمی لەگەشە، ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەریان لە سەر مێژووی سیاسیی وڵاتی دووڕووباردا گێڕاوە. بە شێوەیەکی بەرچاو زۆربەی زانیارییەکان لە نیوەی دووەمی سەردەمی سێیەمی سەرهەڵدانی بنەماڵە سۆمەرییەکاندا، یاخود سەردەمی پێش سەرجۆن دەگەڕێتەوە بۆ تۆمارە مێخییەکانی ئەم بنەماڵەیە، کە لە شارەکانی "لەگەش و گرسۆ نینا و گوئەبا"دا لە ماوەی سەدەیەکی مێژووی بنەماڵەکەدا نووسراون، بە شێوەیەک لە شێوەکان وەک پاشخانێکی مێژوویی و جوگرافی و ئایدیۆلۆژیایی بۆ مێژوو و شارستانیەتی وڵاتی دوو ڕووبار سەیر دەکرێت. تۆمارێکی گەورەیان لە نووسراوە مێخییەکاندا هەیە کە کراونەتە دوو جۆر، یەکەمیان دەقی نووسراوە شاهانەیەکانە، کە مێژووەکانیان لە نێوان سەردەمی فەرمانڕەوایەتیی ئورنانشە (٢٤٩٤پ. ز)، کۆتا فەرمانڕەوای لەگەش "ئوروکاگینا" (٢٣٦٥-٢٣٥٧پ. ز) دەبێت، ناوەرۆکی دەقەکان لە باسی دەستکەوت و چالاکیی فەرمانڕەواکانی لەگەش لە هەڵمەتە سەربازییەکان و دروستکردن و فراوانکردنی کەناڵە ئاوییەکاندا، ژمارەیان نزیکەی ١٥٠ ڕوونووسی مێخی دەبێت. دووەم جۆری سەرچاوەکان تۆماری نووسراوە مێخییە کارگێڕییەکانە، کە ژمارەیان نزیکەی ١٨٠٠ ڕوونووسی مێخی دەبێت، مێژووەکانیان بۆ سێ فەرمانڕەوای کۆتایی بنەماڵەکە (٢٣٣٧-٢٣١٥پ. ز) دەگەڕێتەوە. توێژینەوەکە قووڵبوونەی زیاتری لایەنە جیاواز و نادیارەکانی ژیان و مێژووی ئوروکاگینایە، پەیوەندیی دەقە چاکسازییەکانی بە وەرگرتنی دەسەڵاتەوە هەبووە، یاخود کارەکانی لە دانانی دەقی چاکسازییەکە سروشتێکی ڕیفۆرمخوازانانە و دانانی سیستمێکی نوێ و چاککردنی کۆمەڵگە بووە. ئامانجی توێژینەوەکە ناساندنی زیاتر و تیشکخستنەسەر ژیان و فەرمانڕەوایەتیی ئوروکاگینایە لە توێژینەوەیەکی کوردیدا. توێژەر لە توێژینەوەکەدا بۆ شیکاری و شرۆڤەکردنی باسە جیاوازەکانی مێژووی ئوروکاگینا، پشتی

بە پێداچوونەوە بە بەڵگە و توێژینەوەکانی شیکردنەوەی تایبەت بە بابەتەکە بەستووە، بە پێڕەوکردنی میتۆدی شیکردنەوە و بەراوردکاری.
سنووری توێژینەوەی بابەتەکە دەبێتە لێکدانەوە و سەرنجدان لە مێژووی سیاسیی بنەماڵەی یەکەمی لەگەش و مێژووی ئوروکاگینا. سنووری توێژینەوەکە سەردەمی "Pre-Sargonic" (پێش سەرجۆن) لە سەدەی بیست و چواری پێش زایندا. سنووری شوێن بریتییە لە دەوڵەتەشاری سۆمەری لەگەش.

## ١.١ مێژووی سیاسی و فەرمانڕەواکانی بنەماڵەی یەکەمی لەگەش

لە پێشەکیدا ئاماژەمان پێ دا دەوڵەتەشاری لەگەش یەکێک لە بەهێزترین دەوڵەتەشارە سۆمەرییەکان بووە، پاشماوەکەی ناوەندێکی گەورەی شوێنەوارییە لە باشووری وڵاتی ڕافیدەین (نەخشەی ژمارە ١). تێیدا ژمارەیەک فەرمانڕەوا کە بە نزیکەی ١٠ فەرمانڕەوا دادەنرێن، فەرمانڕەوایەتییان تێدا کردووە. هەندێکیان بەهێز بوون و دەسەڵاتیان بۆ ماوەیەکی زۆر درێژەی کێشاوە. بۆ بەڕێوەبەری نێو خۆی دەوڵەتەشارەکان بە زۆری ناسناوی شاهانەیی "ENSI$_2$" لەلایەن فەرمانڕەواکانی بنەماڵەی یەکەمی لەگەشەوە بەکار هاتووە، بەڵام هەندێک لە فەرمانڕەواکان لەدوای ئەوەی توانیویانە دەسەڵاتیان بگەیننە دەرەوەی سنووری لەگەش، ناسناوی شاهانەیی "LUGAL"ان لە خۆیان ناوە (Cooper 2002:9). دەوڵەتەشاری لەگەش لە سەرەتادا دەسەڵاتێکی سەربەخۆ نەبووە، بەڵکوو ژێردەستەی دەوڵەتی کیش بووە، دەستپێکی مێژووی ڕاستەقینەی سیاسیی بنەماڵەی یەکەمی لەگەش بە فەرمانڕەواتیکردنی ئورنانشە (Ur-NANŠEK,Ur-$^d$NANŠE) (٢٤٩٤پ. ز) دەستی پێ کردووە، هەروەها بە دامەزرێنەری بنەماڵەکە دادەنرێت (Selz.G.J, 2015, p. 431). پێش سەردەمی ئورنانشە لە دەوروبەری (٢٥٠٠ پ. ز)دا، لە تۆمارە مێخییەکاندا ئاماژە بۆ چەند فەرمانڕەوایەکی تر هەبووە، وەک ئینخیگال (EN-ḪI-GAL) و لوگال-شاگینگور (LUGAL-ŠAG$_4$-DAGAL) (Sánchez-Climent.Á, 2024)، گونیدۆ (GU-NI-DU) باوکی ئورنانشە بووە (Ingo Scharkamp 2015 :68). بە دەستپێکردنی فەرمانڕەوایەتیی ئورنانشە، مێژووی سیاسی و حوکمڕانیی لەگەش ڕووکەشێکی تەواو سیاسی و ئەزموونێکی بەرچاوی لە بواری ئابووری و کولتووریدا بەخۆیەوە بینیوە، لەبەرئەوەی لەگەش وەکوو ژێردەستەی دەوڵەتەشارەکانی تری سۆمەری کاری نەکردووە، سەربەخۆیی خۆی وەرگرتووە. لە ماوەی ٣٠ ساڵی دەسەڵاتیدا کۆمەڵێک کاری بیناسازیی لە دروستکردنی کەناڵی ئاودێری و پەرستگەدا کردووە، بە ڕێکخستنی ژێرخانی گشتیی لەگەش گەشەی سەندووە، توانیویەتی پەرە بە بازرگانیکردن لەگەڵ ناوچە دوورەکانی وەکوو دلمون بدات، هەروەها لە ڕووی سەربازییەوە توانیویەتی بەسەر ئوما و ئوردا سەر بکەوێت (Mesihović.S 2022: 6). دواتر ئاکورگال A-KUR-GAL) ( ٢٤٧٥پ. ز)، کوڕی ئورنانشە بووە، لەدوای باوکی درێژەی بەکارەکانی داوە (Romano.L. 2014:188-190).

لەدوای فەرمانڕەوایەتیی ئورنانشە، یەکێک لە بەهێزترین فەرمانڕەواکان لە مێژووی سیاسیی بنەماڵەکەدا ئی-ئەنناتو (E-ANATUM, EN-An-Na-TUM2) (٢٤٦٥پ. ز) بووە، توانیویەتی هەژموونی دەسەڵاتی لەگەش لە ماوەی ٣٠ ساڵی

فەرمانڕەوایەتیدا فراوان بکات، دەسەڵاتی بەسەر هەموو وڵاتی سۆمەردا هەبێت، ناسناوی پاشای کیش (Lugal-Kiš) وەربگرێت، هەروەها دەسەڵاتی بەرەو ناوچەکانی دەرەوەی وڵاتی دوو ڕووبار وەک عیلام فراوان بکات و پایتەختەکەی وێران بکات (Arias. J,Marta Estela 2009: 5).

دوای دەسەڵاتی "E-ANATUM"، برا بچووکەکەی ئی-ئەنناتومی یەکەم (E-ANATUM I) (٢٤٣٥پ. ز) بووەتە فەرمانڕەوای لەگەش، بەڵام مێژووی فەرمانڕەوایەتییەکەی بۆ ماوەیەکی کەم بووە و لە شەڕەکانی نێوان لەگەش و ئومادا کوژراوە (Marchesi. G, 2015:148).

کۆتا فەرمانڕەوای بەهێزی بنەماڵەی یەکەمی لەگەش ئینمیتینا (EN-METENA) (٢٤٢٠پ. ز) بووە، ئەویش بۆ نزیکەی ٣٠ ساڵ دەسەڵاتی هەبووە. دەستکەوتەکانی (EN-METENA) لە ئاوەدانکردنەوەی لەگەش و هەڵکەندنی کەناڵی ئاو لە نێوان ڕووباری دیجلە و فوراتدا بووە (Schrakamp.I, 2012:1). لەدوای فەرمانڕەوایەتی "EN-METENA"، ژمارەیەک فەرمانڕەوای لاوازی بەخۆیەوە بینیوە، بە شێوەیەک لە ماوەی دەسەڵاتیاندا لەگەش تووشی کێشەی ناوخۆیی ئابووری و کۆمەڵایەتی بووەتەوە، چونکە دەسەڵاتداران و خێزانەکانیان بۆ سەپاندن و فراوانکردنی دەسەڵاتیان دەستیان بەسەر ماڵ و موڵکی خەڵکی هەژاردا گرتووە (جاسم، 2021، ص٣٩٢). فەرمانڕەواکانیش وەک ئین-ئەنناتومی دووەم (E-ANATUM II) بۆ ماوەی ٥ ساڵ دەسەڵاتی هەبووە، ئینین-تارزی (EN-ENTARZI) کە لە کۆتا ساڵەکانی دەسەڵاتی "EN-METENA" و سەردەمی "E-ANATUM II" کاهینی گەورەی پەرستگەی ننگرسۆدا بووە بۆ ماوەی ٥ ساڵ فەرمانڕەوایەتیی کردووە، دواتر لوگال-ئەندا(LUGAL-AN-DA) بۆ ماوەی ٦ ساڵ و ١ مانگ فەرمانڕەوایەتیی لەگەشی کردووە (Marchesi. G, 2015:148).

ئەگەر لێکدانەوەیەکی مێژوویی لە دەستپێکی فەرمانڕەوایەتی "UR-NANŠE"دا تا سەردەمی فەرمانڕەوا ئوروکاگینا کۆتا فەرمانڕەوا بکەین، ئەوا ٦ بۆ ٧ نەوە دەکات. تێکڕای گشتیی ساڵەکانیان بە نزیکەیی لە نێوان ١٤٠ بۆ١٧٠ ساڵ دەکات (Sallaberger.W ,Ingo Scharkamp, 2015: 75-85).




نەخشەی (١)
پاشماوەی شوێنەواری لەگەش لە عێراقی ئێستا وەرگیراوە لە (MacMahon .A , et al, 2023: 3)

### ٢.١. ئوروکاگینا (URU-KA-GI-NA) و مێژووی کۆتا فەرمانڕەوای بنەماڵەی یەکەمی لەگەش

ئوروکاگینا کۆتا فەرمانڕەوای بنەماڵەی یەکەمی لەگەش بووە، لە هەمان کاتدا پاشایەک بووە

بە هێمای یەکەم و نووسەری سەرەتاییترین چاکسازیی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە مێژوودا دەناسرێت. لە سەدەی بیست و چواری پێش زایینیدا، لەدوای نەمانی دەسەڵاتی "LUGAL-ANDA"دا، بۆ ماوەی ١١ ساڵ فەرمانڕەوایەتیی کردووە (Mesihović.S, 2022:15). لێکۆڵینەوەکانی مێژووی فەرمانڕەوایەتیکردنی ئوروکاگینا جیاوازە لە فەرمانڕەواکانی تری بنەماڵەی یەکەمی لەگەشدا، ئەویش بەهۆی نەبوونی بەڵگەی دڵنیاکەرەوە و ناڕوون لە بەڵگەکاندا، وای کردووە ببێتە ئوروکاگینا کە خاوەنی چەند تایبەتمەندییەکی تایبەتە کە بوونەتە جێگەی پرسیار و دروستکردنی تێبینی لای زۆربەی توێژەران، وەک بوون و مانای ناوی "Urukagina"، باوکی کێ بووە و پەیوەندییە خێزانییەکانی چۆن بووە، هەروەها یاسایی و ڕەوایەتیبوونی گرتنەدەستی دەسەڵات و بوون بە فەرمانڕەوای لەگەش (Everest-Phlilips.M, 2018: 18).

### ١.٢.١. ناوی باوکی و پەیوەندییە خێزانییەکەی

لەبەرئەوەی هیچ تۆمارێکی نووسراوی مێخی زانیاری لەبارەی خێزانی ئوروکاگینادا تا ئێستا پشتڕاست نەکردۆتەوە. هەروەها پەیوەستبوونی بە فەرمانڕەواکانی پێش خۆی، بە بەڵگەی تۆمارکراو، نەسەلمێنراوە، بۆیە ناوی باوکی و خێزانەکەی بۆ ماوەی سەد ساڵە مشتومڕی زۆری لای توێژەرانی وەک: (Dhorme, Genouillac, Deimle, Steinkeller, Kobayashi, Schakamp, Sallaberger, Selz) دروست کردووە (Schrakamp.I, 2015, p. 16). لە لێکۆڵینەوەکاندا ئاماژە بە ناوی باوکی ئوروکاگینا دراوە، بە کوڕی ئێنگیسا(En-ge$_{16}$-sa) دانراوە، کەسێک بووە پێش فەرمانڕەوا "EN-ENTARZI"دا "ENSI$_{2}$" بووە، ئەم بۆچوونەش لە ڕوانگەی ئەو بەڵگەیەوە هاتووە کە لە تۆمارێکی قوربانیدا پێشکەش بە خوداوەند "$^{d}$NIN-MAR-KI" کچی "$^{d}$NANŠ" کراوە، لە تۆمارەکەدا ناوی ئێنگیسا (EN-GE$_{16}$-SA) لە پاڵ ناوی "šaša"ی خێزانی ئوروکاگینادا هاتووە، ئەم بەڵگەیەش بووەتە هۆی ئەوەی زۆرێک لە توێژەران؛ "En-ge$_{16}$-sa" بە باوکی ئوروکاگینا هەژمار بکەن (Steinkeller.P, 2023: 5)، بەڵام یەکێک لەو بەڵگانەی بووەتە هۆکارێک بۆ ئەوەی توێژەران زیاتر جەخت لەوە بکەنەوە ئوروکاگینا کوڕی "EN-GE$_{16}$-SA" بووە، ئەویش بوونی ناوی هەردووکیان بووە لە ڕیزی شایەتحاڵانی کۆڵەکەی مانیشتوشو (MANIŠTUŠU-OBELISK)دا؛ یەکێک بووە لە کۆڵەکەکانی تۆماری کڕینی زەوی (Schrakamp.I, 2015: 16). لە سەرەتادا بەهۆی دەگمەنیی ناوی ئێنگیسا و ئوروکاگینا، هەروەها نەبوونی کەسانی تر بەم ناوانەوە بە گونجاو دەزانرا، بەڵام هەندێک لە توێژەران تانەیان لە سەر گونجاویی ئەم بۆچوونە داوە، چونکە بوونی ناوە هاوشێوەکانی نموونەی دوو فەرمانڕەوا بە ناوی "E-ANATUM" لە بنەماڵەی یەکەمی لەگەش؛ گومانی بوونی دوو ناوە هاوشێوەکانی یەکتر زیاتر کرد، ئەم هۆکارەش وای کرد پشتگیرییان بۆ ئەم بۆچوونە "کە گوایە 'EN-GE$_{16}$-SA' باوکی ئوروکاگینا نەمێنێت" (Schrakamp.I, 2015:15-18).

ساڵی ١٩٨٥، بۆ یەکەمین جار لەلایەن توێژەر "Kobayashi"ەوە بۆچوونێکی تر لە سەر باوکی ئوروکاگینا خراوەتە ڕوو، بەوەی کەسێک بە ناوی ئور-ئوتو (UR-$^{d}$UTU) باوکی ئوروکاگینایە، دواتر

لەلایەن کۆمەڵێک لە توێژەرانەوە پشتگیریی ئەم بۆچوونە کراوە، هەروەها زانیاری و وردەکاریی زیاتریان لە سەری خستووەتە ڕوو. ئەم بۆچوونە نوێیەش لە سەر بنەمای ئەو بەڵگەیە سەرچاوەی گرتووە کە لە نێو تۆمارەکانی قوربانیدا بۆ ڕۆحی باوباپیران و فەرمانڕەواکانی پێشووی لەگەشدا کراوە، مێژووەکانیان بۆ سەردەمی ئوروکاگینا دەگەڕێتەوە، تێیدا ناوی ئور-ئوتو ($UR-^dUTU$) وەک باوکی شازادەی شار هاتووە (Kobayashi.T, 1985:13) .

٢.٢.١. ناوی ئوروکاگینا (URU-KA-GI-NA)

ناوی ئوروکاگینا یەکێکە لە تێبینییەکان کە دەیان ساڵە مشتومڕی زۆری دروست کردووە، بە خوێندنەوە و ڕێنووسی جیاوازی وەک (-URU KA-GI-NA، ERI(’E)NIM-GEN-NA، IRI-KA-GI-NA، URU-INIM-GI-NA) لە توێژینەوەکاندا هاتووە. لە توێژینەوەکانی سەدەی بیستدا بە "URUKAGINA"، کورتکراوەی "UKG" نووسراوە، هاوکات تا ئێستاش کورتکراوەی "UKG" بۆ ئاماژەپێکردن بە نووسراوە تایبەتەکانی ئوروکاگینا، لە توێژینەوەکاندا بەکار دێت (Schrakamp.I. 2015: 304) لە سەردەمی پێش سەرجۆندا، یاخود لە سەدەی بیست و چواری پێش زایینیدا بە ڕێنووسی "URU-KA-GE-NA" لە سەدان بەڵگەنامە و نووسراودا ناوی هاتووە. لە سەردەمی بابلی کۆندا لە (٢٠٠٤-١٥٩٥پ. ز)، لە بەڵگەنامەیەکی سەرەتاییدا بە ڕێنووسی "-URUki KA-GE-NA" هاتووە، تازەترین و تاکە ڕێنووسە، بەم شێوەیە لە نووسراوە مێخییەکاندا هاتبێت (Schrakamp.I, 2015: 494). بەهۆی بوونی ئەم بەڵگەیەوە، بە دوور نازانرێت ناوی "-URU KA-GE-NA" وەرگێڕانی ناوێکی ئەکەدی بووبێت، چونکە بەکارهێنانی وشەی "URU" لە زمانی سۆمەریدا بۆ دروستکردنی ناوە کەسییەکان دەگمەن بووە، لەبەرئەوە گریمانە دەکرێت نموونەی ناوی ($URU-DUG_4-GE-$NA ،URUKAGINA) لە ناوە ئەکەدییەکاندا بووبێت، بەڵام لەلایەن سۆمەرییەکانەوە بەکار هاتبێت، یان بە پێچەوانەوە ڕەنگە ناوی "URU-KA-GE-NA" یەکێک بووە لە ناوە سۆمەرییەکان، تا سەردەمانێکی زۆر درەنگتر لەدوای سەردەمی سۆمەرییەکانەوە مابێتەوە، دواتر لە سەردەمی ئەکەدییەکانەوە، لە ژێر شێوەی "URU[ki]" بەکار هاتبێتەوە (Stenkeller.P, 1995: 541).

ئەو وشانەی وای کردووە ناوی ئوروکاگینا ببێتە جێگەی تێبینی و دروستکردنی پرسیار و بۆچوونی جیاوازی توێژەران، وشەکانی "IRI/URU" و وشەکانی "INIM/KA" ناوەکەیەتی. ئەم وشانە وای کردووە بە شێوازی جیاواز خوێندنەوە بۆ ناوەکەی بکرێت (Everest-Phlilips.M, 2018, p. 18) . بە پێی فەرهەنگە سۆمەرییەکان، مانای "/URU IRI" بە مانای "شار" دێت (Sallaberger.W, 2006, p. 689). "ālu" وشە ئەکەدییەکەی بووە (CAD,Vol.A: 13)، بەڵام Edzard، بەکارهێنانی "IRI/ERI" لە ناوی ئوروکاگینا بە مانای شار بێت، بەراورد بە بەکارهێنانی وشەی "URU" بە شیاوتر دەزانێت (Edzard.D, 1991, p. 77). هەر چی "Selz"ە، بۆچوونێکی جیاوازتری دەربارەی "ERI URU" هەیە، پێی وایە ئەم وشەیە بۆ دروستکردنی جۆرێک لە ناوی کەسی "کۆیلە" یان "خزمەتکار" لە سۆمەریدا بەکار هاتووە، بۆچوونەکەشی لە سەر بنەمای بوونی نموونەی ناوی (-ERI(URU ($ERI(URU)-E KEŠE_2$)، کە لە نووسراوێکی

فەرمانڕەوا "E-ANATUM"‘‘دا وەک ناوی جۆرێک لە خزمەتکار یان کۆیلەدا بەکار هاتووە، سەرچاوەی گرتووە (Selz.G, 1998: 313).

وشەی "INIM‘‘ لە فەرهەنگە زمانەوانییەکاندا بە مانای "وشە‘‘ هاتووە (Sallaberger.W, 2006, p.315). "aw-mātu‘‘ وشە ئەکەدییەکەیەتی (CAD,Vol.A:14)، لە تۆمارە ئایینییەکانی سۆمەریدا بە واتای (بڕیار، ڕێنمایی) هاتووە، بەیەکەوە لەگەڵ "IRI/URU‘‘ مانای "بڕیاری شارێک‘‘ دەدەن. بەم پێیەش ئەگەر لە بنەڕەتدا ناوەکە سۆمەری بووبێت، ئەوا پێچەوانە و چەمکێکی نامۆ دەبێت بە ئایینی سۆمەری، چونکە لە ئایینی سۆمەریدا شارێک ناتوانێت بڕیار بدات، بەڵکوو بڕیاردان تەنها لە دەست خوداوەنددا بووە (Stenkeller.P, 1995, p. 541). تاکە وشە کێشەی نەبێت و ماناکەی جێگیر لە ناوی ئوروکاگینا بێت، وشەی "ka‘‘یە، بە مانای "دەم" و "گوتن"، یاخود "پاڕانەوە" و هاوشێوەکانی دێت. "epsd, p274‘‘ بە ئەکەدی بە "pù‘‘ دێت (CAD, Vol. :277). ئەوەی لە ناوەکەی ئوروکاگینا دەمێنێتەوە، وشەی "GI-NA‘‘یە لە بنەڕەتدا لە "GEN، GIN$_6$+-AK،‘‘ پێک هاتووە، کە لە فەرهەنگە زمانەوانییەکاندا بە واتای "جێگیر"، "دامەزراو" دێت (Foxvog.D.A, 2016, p. 22)، لە ئەکەدیدا وشەی "kânu,kīnu‘‘ی (CAD,Vol.K:146) بۆ بەکار هاتووە.

ئەگەر مانای وشەکانی "ka‘‘ لەگەڵ "GI-NA "وەربگرین، بە واتای "دەمی متمانەپێکراو‘‘ یاخود "دەمی جێگیر/ڕاست‘‘ دێت، لەم بارەیەوە توێژەر "Edzard‘‘ ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بەکارهێنانی دەستەواژەی "دەمی متمانەپێکراو‘‘ لە زمانی ئەکەدیی کۆندا زۆر بڵاو بووە، وەک نموونەی ناوی کەسی "pi-su) pǘsu-kin‘‘ بە واتای "دەمی خوداوەندی متمانەپێکراو" بووە (Edzard.D, 1991:78-79).

کەواتە لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین مانای گشتیی ناوی "UURKAGINA‘‘ بە واتای (شاری وشە/قسەی -/جێگیر/ڕاست) هاتووە (Schrakamp.I, 2015: 494).

### ٣.٢.١. گرتنەدەستی تەختی پاشایەتی

لە نوێترین توێژینەوە شوێنەوارییەکاندا، ئاماژە بەوە دەدەن ئوروکاگینا بەر لەوەی وەک فەرمانڕەوای لەگەش دەربکەوێت، پلەی "UGULA-UKU$_3$‘‘ کە پلەیەکی باڵای فەرماندەیەکی سەربازیی ئەفسەری سەد سەربازییە لە دەوڵەتدا، "UGULA-UKU$_3$‘‘ بە واتای وشە بە مانای "سەرپەرشتی خەڵک‘‘ دێت، لەبەرئەوەی بە پێی فەرهەنگە سۆمەرییەکان وشەی "UGULA‘‘(aklu/šāpiru) بە واتای "سەرپەرشت‘‘ (epsd:.29)، وشەی "UKU$_3$)nišu‘‘ بە واتای "خەڵک‘‘ هاتووە (epsd:.27). هەر بەهۆی ئەم پلە بەرزەی ئوروکاگینا کە هەیبووە، توێژەران پێیان وایە کورتکراوەی ناوی "URU-KA‘‘ کە لە بەڵگەی تۆمارە کارگێڕییەکانی ساڵەکانی ٢-٦ سەردەمی فەرمانڕەوا "LUGAL-ANDA‘‘ هەبووە؛ ئاماژەدان بە کەسایەتیی ئوروکاگینا بووە، بۆچوونەکەشیان لە سەر ئەو بنەمایە هاتووە ئەفسەری باڵای سەربازی بە هەمان ناوی "URU-KA‘‘، جارێکی تر لە تۆمارە کارگێڕییەکانی سەردەمی ئوروکاگینادا دەرنەکەوتووەتەوە(Schrakamp.I, 2015: 310) .

وەرگرتن و چۆنێتیی هاتنە نێو کایەی دەسەڵات لەلایەن ئوروکاگینا و بوون بە فەرمانڕەوای لەگەش بە هەمان شێوەی لایەنەکانی تری ژیان و مێژووی فەرمانڕەوایەتییەکەی، جێگەی بایەخ و مشتومڕی جیاوازیی توێژینەوەکان بووە. توێژەرانی دابەشی دوو لایەنی دژبەیەکی جیاواز لە بۆچوونەکانی

دەربارەی وەرگرتنی دەسەڵاتەکەی کردووە، چونکە هەندێکیان دەسەڵاتەکەی بە یاسایی دەزانن، هەندێکیش بە نایاسایی و قۆرخکاریی وەرگرتنی دەسەڵاتی دەزانن. ئەوەی لە ژیانی ئێرکاگینادا ڕوون و ئاشکرا بێت، مێژووی هاتنەسەرتەختی دەسەڵات بووە. لە مانگی یەکەمی حەوتەمین ساڵی "Lug.7/1" فەرمانڕەوایەتیی "LUGAL–ANDA"دا بووە، چونکە لە بەڵگە تۆمارەکاندا هیچ بۆشاییەکی کاتی لە نێوان سەردەمەکانی ئەو دوو فەرمانڕەوایەدا نییە، پێدەچێت "LUGAL–ANDA" لە یەکەم مانگی ساڵی حەوتەم ولە کۆتا مانگی ساڵی شەشەم ساڵی دەسەڵاتەکەیدا مردبێت (Steinkeller.P, 2023, p. 5).

ئەوەی جێگەی باسکردن بێت، لە هیچ تۆمار و بەڵگەیەکدا باس لە بوونی جێنشین یان منداڵی کوڕی "LUGAL–ANDA" نەکراوە، ڕەنگە بێ جێنشین مردبێت. تەنها کەس باس کرابێت و پەیوەست کرابێت پێیەوە، براکەی بە ناوی "UR–SILA–SIR$_2$–SIR$_2$–RA" بووە، لەوانەیە ئەویش لە یەکەم ساڵی دەسەڵاتی ئوروکاگینادا مردبێت، یاخود لەو کاتەدا تەمەنی گەورە بووە و توانای ئەوەی نەماوە هاوشێوەی فەرمانڕەوایەک کارەکانی ڕاپەڕێنێت، بۆیە بە ویستی خۆی دەسەڵاتی ڕادەستی ئوروکاگینا کردووە. هەر لەم بارەیەوە ئاماژە بۆ بۆچوونێکی تر هەیە، بەوەی ئوروکاگینا لەبەرئەوەی خێزانەکەی؛ "Šaša" یەکێک بووە لە ئەندامانی بنەماڵەی "LUGAL–ANDA"، لەم ڕێگەیەوە سوودی لە پەیوەندیی خوێنیی خێزانەکەی وەرگرتووە، بووەتە جێنشینی یاسایی بۆ وەرگرتنی دەسەڵات (Steinkeller.P, 2023: 5). بەڵام بە بۆچوونی "Bauer"، ئوروکاگینا لەبەرئەوەی پلەیەکی بەرزی هەبووە؛ سەر بە دەوڵەت بووە، بۆیە دەسەڵات و ئەزموونێکی زۆری لە ڕاپەڕاندنی ئەرکە فەرمییەکانی دەوڵەتدا پەیدا کردووە، ئەمەش هۆکار بووە "LUGAL–ANDA"؛ ئوروکاگینا بە جێنشینی خۆی دەستنیشانی بکات (Bauer.J, 1998: 477). هەروەها لە بۆچوونێکی تردا دەڵێت، لەبەرئەوەی ئوروکاگینا کوڕی ئینگیسا بووە، کەواتە لە بنەماڵەی "UR–$^d$NANŠE"یە، دەسەڵاتی لە باوک و باپیرەگەورەیەوە بە یاسایی بۆ ماوەتەوە، بەڵام هیچ کامێک لە بۆچوونەکانی سەرەوە بە بەڵگەی نووسراوەوە نەسەلمێنراون، ئەمەش ڕەنگە تەنها بۆ بەیاساییکردن و ڕەوایەتیدان بە دەسەڵاتەکەی ئوروکاگینا بووبێت (Steinkeller.P, 2023: 5–6).

توێژەرانی دەسەڵاتەکەی ئوروکاگینا بە نایاسایی دەزانن، باس لەوە دەکەن ئوروکاگینا دەقی چاکسازیی وەک بەهانەیەک و ڕێگەیەک بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتیی خەڵک و وەرگرتنی دەسەڵات بەکار هێناوە، لەبەرئەوەی لە چاکسازییەکەدا بە خراپە باس لە فەرمانڕەواکانی پێشووتری لەگەڵ دەکات، تاوانباریان دەکات بەوەی موڵک و سامانی خوداوەند و پەرستگەکانیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکار هێناوە (Schrakamp.I, 2015: 314–215). تەنانەت "Deimel" پێی وایە ئوروکاگینا؛ "LUGAL–ANDA" و خێزانەکەشی کوشتبێت. لە هەمان کاتدا چاکسازییەکانی بۆ بەدەستهێنانی پشتگیریی کاهینەکان و خەڵک بووە، بۆ ئەوەی بە گێڕانەوەی موڵک و سامانی خوداوەند بۆ پەرستگە و لابردنی کەسانی گەندەڵ و نەهێشتنی باجە زۆرەکان، بتوانێت ناوبانگی فەرمانڕەواکانی پێشووتر لەکەدار بکات، کارئاسانی بکات بۆ گێڕانەوەی باردۆخی ڕابردووی لەگەڵ کە تێیدا کاهین و پەرستگەکان دەسەڵاتی یەکەم بوون (Deimel.P, 1920, p. 3).



وێنەی ژمارە (١)

لەبەرگرتنەوە (کۆپی)ی دەقی چاکسازییەکانی ئوروکاگینا، وەرگیراوە لە (CDLI: RIME 1.09.09.01 (Reforms of Urukagina) composite (P431154))

### ٤.٢.١. ناسناوە شاهانەییەکانی ئوروکاگینا

ئوروکاگینا تا کۆتا ساڵەکانی دەسەڵاتی لە تۆمارە نووسراوەکاندا بە چەند ناسناوێکی شاهانەیی جیاواز ناو براوە، هاوشێوەی هەموو فەرمانڕەواکانی تری لەگەش لە سەرەتادا ناسناوی "$ENSI_2$" (فەرمانڕەوا)ی هەبووە، بەڵام لە دەقە چاکسازییەکانیدا (وێنەی ژمارە ١). کاتێک باس لەوە دەکرێت لەلایەن ننگرسۆوە هەڵبژێردراوە، بە ناسناوی "LUGAL LAGAŠ$^{ki}$" باس کراوە. ناسناوی "LUGA L" (پاشا) جێگەی ناسناوی "$ENSI_2$" دەگرێتەوە. لوگال ناسناوێکی زۆر گرنگ بووە، بە جۆرێک ساڵی یەکەمی دەسەڵاتی لە بەڵگەنامە کارگێڕییەکاندا ناسناوی وەک "UKG. (E1)$ENSI_2$" بۆ ناسناوی "UKG. Lugal (L1" گۆڕاوە، هەژمارکردنی دەسەڵاتەکەی لە یەکەم ساڵەوە بە ناسناوی لوگال لە بەڵگەنامە فەرمییەکاندا نووسراوەتەوە، هەر چەندە وەرگرتنی ناسناوی پاشا لەلایەن توێژەرانەوە مشتومڕی زۆری لە سەر کراوە، هەریەکە و ڕاوبۆچوونی جیاوازیان لە سەری هەیە، تا ئێستا ڕوون نییە و نازانرێت بە چ هۆکارێک و بە چ کارێک ئوروکاگینا ناسناوی شاهانەیی "LUGAL"ی پاشای وەرگرتووە (Schrakamp.I, 2015:342). هەروەها ئوروکاگینا لە هەشتەمین ساڵی فەرمانڕەوایەتییەکەیدا بەهۆی لەدەستچوونی دەسەڵاتی بەسەر لەگەشی پایتەخت و وێرانکردنیدا لەلایەن فەرمانڕەوای ئوما (LUGAL-ZAG-GE-SI) و مانەوەی دەسەڵاتەکەی، تەنها لە شاری گرسۆدا، ناسناوەکەی لە نووسراوەکاندا بۆ "پاشای گرسۆ" گۆڕاوە. لێرەوە ئوروکاگینا لە بەڵگە نووسراوەکاندا تا کۆتا ساڵەکانی بە ناسناوی "پاشای گرسۆ" ناو براوە. لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین کۆی گشتیی مێژووی فەرمانڕەوایەتیی ئوروکاگینا نزیکەی ١١ ساڵ دەکات، ساڵێک لە ژێر ناسناوی "$ENSI_2$" (فەرمانڕەوا)، هەروەها دە ساڵ لە ژێر ناسناوی "LUGAL" (پاشا) لە دەسەڵات بەردەوام بووە (Seminara.S, 2015:407).

### ٥.٢.١. کۆتایی دەسەڵاتی ئوروکاگینا

بێگومان هەر سەرەتایەک بە شێوەیەک لە شێوەکان کۆتاییەکی دەبێت، ئوروکاگیناش هەر

لە سەرەتاوە لە کاتێکی نەگونجاودا بووەتە فەرمانڕەوا، کە بارودۆخی ناوخۆی لەگەش بەهۆی دەسەڵاتدارەکانی پێشوو و دەستگرتن بەسەر موڵک و سامانی خەڵک و زۆری شەڕەکانیانەوە لەگەڵ دەوڵەتەشارەکانی تری سۆمەری، بە تەواوی لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە بێهێز بووە (العکیلی، ٢٠٠٦ :٦٦)، ئەمە جگە لەوەی لەدوای ڕاگەیاندن و بڵاوبوونەوەی دەقە چاکسازییەکانی باردۆخی ناوخۆی لەگەش لە ڕووی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە خراپتر بووە، چونکە لایەنە زەرەرمەندەکان، یاخود بەرپرس و دەسەڵاتدارەکان، ڕاستەوخۆ بە گۆڕانکارییەکان ڕازی نەبوون، دەقی چاکسازییەکەیان لە بەرژەوەندیی خۆیان نەزانیوە و بەرەنگاریان بوونەتەوە (العکیلی ٢٠٠٦: ٦٧).

هەروەها ئەنجامدانی هەر گۆڕانکارییەک بە شێوەیەکی تەواو، بە کاتێکی کەم و لەناکاو ناکرێت، جگە لەوە سەرکەوتووش نابێت، چاکسازییەکانی ئوروکاگیناش پێویستی بە کاتێکی زۆر زیاتر بووە بۆ ئەوەی بتوانرێت دەقی چاکسازییەکەی جێبەجێ بکات (عبدالأمیر، ٢٠١٥: ٥)، چونکە بە پێی ئەو بەڵگە کارگێڕییانەی لە پێنجەمین ساڵی UKG.G.4 دەسەڵاتی ئوروکاگینا هەبووە. لەگەش کەوتووەتە بەر گەمارۆ و هێرشەکانی وەرکا، لەبەرئەوە بۆچوونەکان ئاماژە بەوە دەکەن ڕێکەوتی دروستکردنی کۆشک و پەرستگەکان و کارە ئاوەدانییەکان کە لە دەقی چاکسازییەکەی ئوروکاگینادا هاتووە، کەوتوونەتە سەرەتای ساڵەکانی دەسەڵاتیەوە (Schrakamp.I, 2015:347).

لەگەڵ ئەوەشدا باردۆخە خراپەکەی لەگەش، هاوکاتی دەرکەوتنی دەسەڵاتێکی بەهێزی وەک دەسەڵاتی "LUGAL-ZAG-GE-SI"؛ فەرمانڕەوای دەوڵەتەشاری ئوما بووە، کە توانیویەتی دەست بەسەر زۆربەی شارە گرنگەکانی سۆمەریدا وەک: وەرکا، ئاداب و نیپور بگرێت، ناسناوی "LUGAL-KIŠ" (پاشای کیش) وەربگرێت، هەروەها بووەتە پاشای وەرکا، بۆیە لەگەش وەک هەر شارێکی سۆمەری لە هێرشەکان بێبەری نەبووە. لە هەمان کاتدا بارودۆخی خراپی لەگەش هەلێکی ڕاستەقینە بوون بۆ "LUGAL-ZAG-GE- SI"، بۆ ئەوەی لە ٨م ساڵی فەرمانڕەوایەتییەکەیدا بتوانێت گەمارۆی شاری لەگەش بدات، هەروەها ئەو پەیماننامەیەی نێوان لەگەش و ئومای لە سەردەمی "EN-TEMENA" بەسترابوو؛ هەڵبوەشێنێتەوە، بۆ کۆتا جار سنوورێک بۆ گرژییەکانی نێوان ئوما و لەگەش دابنێت، شاری لەگەش وێران بکات (Schrakamp.I, 2013:1). بەڵام داگیرکردنی شاری لەگەش شێوەیەکی ئاسایی نەبووە، بەڵکوو شارەکە بە تەواوی کۆشک و پەرستگە گەورەکانی خوداوەند ننگرسۆ سووتێنراوە. وێرانکردنی لەگەش بە جۆرێک بووە بووەتە بیرەوەری و یادگارییەکی ناخۆش بۆ خەڵکی شارەکە، هەروەها کاریگەرییەکی گەورەی لە سەر بیروباوەڕی نووسەرانی سۆمەریدا جێ هێشتووە (الجبوري ٢٠٢٣: ٦٥) وەک نموونەی بەڵگەتۆماری ئەدەبیی ناسراو بە "ماتەمینی ئوروکاگینا"، دەقەکە ساڵی ١٩٠٣ لە شاری گرسۆ دۆزراوەتەوە (محمود ٢٠٢٢: ٣٨٢)

### ٣.١ دەقی چاکسازییەکانی ئوروکاگینا

بە سەرەتاییترین بەڵگەی تۆمارکراوی چاکسازیی ئابووری، کۆمەڵایەتی و دەستەبەرکردنی ئازادی لە مێژووی شارستانیەتی وڵاتی دوو ڕووباردا دادەنرێت، مێژووەکەی بۆ نزیکەی (٢٣٦٥-٢٣٥٧پ. ز) دەگەڕێتەوە، بە یەکێک لەو ئەرشیفە شاهانەیانە

دادەنرێت کە لە پاشماوە شوێنەوارییەکانی شاری گرسۆ، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا دۆزراوەنەتەوە (R.Foster.B, 1995:168). بە دەستپێکی دەرکەوتنی کۆمەڵێک یاسا و بڕیار دادەنرێت کە لە سەردەمەکانی دواتردا بوونەتە بنەمایەک لە نێو سەرچاوە یاسایی و مێخییەکانی وڵاتی دوو ڕووباردا، هەروەها جێگەیەکی بەرچاوی لە داڕشتن و نووسینی یاساکاندا گرتووە (Steinkeller.P, 1991: 277). شیکردنەوەی خوێندنەوەی دەقەکەش بۆ یەکەم جار لایەن "François Thuren- Dangin" بۆ کراوە (Molina.M, 1995).

دەقی چاکسازییەکانی ئوروکاگینا لە پێنج کۆپیی جیاواز لە ناوەرۆک و مێژوودا تۆمار کراون، لە سەر نزیکەی ١٠ ڕوونووس پارێزراون، شێوەی زۆربەیان قوچەکیی گڵێنەیین (Clay Cone)، یاخود لەسەر قاپی گڵێنەیی (وێنەی ژمارە ٢)، یاخود ڕوونووسی شێوە هێلکەیی نووسراون (وێنەی ژمارە ٣). کۆپیی یەکەم (UKG.4/5,60) بە دەقی سەرەکی چاکسازییەکانی ئوروکاگینا دەناسرێت، لە سەر چوار ڕوونووسی قوڕین پارێزراوە (Schrakamp .I, Gabor Zolyomi, 2025, pp. 4-5). شێوەکەی قوچەکیی قوڕینە، بەرزییەکەی (٢٧-٢٨سم)، بنکەکەی (١٥-١٦سم) دەبێت، لە ڕووی مێژووی تۆمارکردنیەوە کۆنترینە، بۆ یەکەم ساڵی دەسەڵاتی ئوروکاگینا (UKG. L1) وەک پاشا (٢٣٥٠پ. ز) دەگەڕێتەوە (وێنەی ژمارە ٤). ئەوەی جێگەی باسکردن بێت، دەقی چاکسازییەکانی ئوروکاگینا بوونی وەک تۆمارێکی چاکسازی، گفتوگۆی زۆری لە سەرە و یەکلا نەبووەتەوە کە ئایا ئاماژە بۆ چاکسازیکردن بێت، یاخود بە پێچەوانەوە کارەکانی ئوروکاگینا لە دانانی دەقی چاکسازییەکەدا سروشتێکی ڕیفۆرمخوازانە بووە. هەروەها دانانی سیستمێکی نوێ و چاککردنی کۆمەڵگە بووە (Schrakamp. I, Gabor Zolyomi, 2024: 3).

لەم بارەیەوە "Steinkeller" پێی وایە ناساندنی دەقە تۆمارکراوەکان بە چاکسازی هەڵەیە، لەبەرئەوەی بەڵگەی لەو شێوازە بوونی نەبووە، بەڵکوو ئەو دەقانە تەنها تێکەڵکردن و لێکدانی سێ بەڵگەنووسراوی بیناسازی بوون، بە ناوی خوداوەندە جیاوازەکان لە شاری لەگەشدا دروست کراون، لە هەمان کاتدا تاوان و نەریتە باوەکانی نێو کۆمەڵگە و چارەسەرەکانی بۆ نەهێشتنی ئەو تاوانانەی تێدا باس کراوە. ئەوەشی ڕاگەیاندووە کە لە کاتی وەرگرتنی دەسەڵاتدا دەقەکانی نێو چاکسازییەکەی ئەنجام داوە (Steinkeller.P, 2023, p. 12). یاخود هەندێک لە توێژەران باس لەوە دەکەن ناتوانرێت زیادەڕەوی لە گرنگیدان بە دەقەکە بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر جار بە کۆنترین چاکسازی نایناسێن، چونکە دەقەکان بە هاوشێوەی بەڵگە و مامەڵەی ئابووری و تۆمارە ئەرشیفییەکانی هاوسەردەمی خۆی دەبینن، بەڵام جیاوازییەکەی ئەوەیە دەقی چاکسازییەکانی ئوروکاگینا بە ڕوانگەیەکی دووانەیی و بە پێی ڕەچاوکردنی بارودۆخی خراپی ئابووری و کۆمەڵایەتی و یاسایی ئەوکاتی کۆمەڵگەی لەگەش نووسراوە (Schrakamp. I, Gabor Zolyomi, 2024: 2).




وێنەی ژمارە (٢)

دەقە چاکسازییەکانی ئوروکاگینا وەرگیراوە لە (Everest-Phlilips.M, 2018: 60)

ڕووی پشتەوە ڕووی پێشەوە



وێنەی ژمارە (٣)

دەقی چاکسازییەکانی ئوروکاگینا وەرگیراوە لە ( Foxvog.D.A, 1994:11)



وێنەی ژمارە (٤)

دەقـە چاکـسازییەکانی ئوروکاگینا لـە سـەر ڕوونووسی شێوەی قوچەکیی گڵێنەیی وەرگیراوە لە (Everest-Phlilips.M, 2018: 23)

١.٣.١. هۆکارەکانی دانانی دەقی چاکسازییەکە

ئەگەر مانای گشتیی وشەی چاکسازی وەربگرین، بە مانای دانانی یاسایەکی تازە نایەت، بەڵکوو پرۆسەی پێداچوونەوەی باشترکردنی ئەو یاسا و ڕێنماییانەیە کە لە ئێستادا لە نێو کۆمەڵگەدا بوونیان هەیە، بۆ ئەوەی بتوانرێت نەریتی خراپ و تاوانی تاکەکان بەرەو ڕێگەیەکی ڕاست و گونجاو لە نێو کۆمەڵگەدا بگۆڕدرێت (Black.H, 1968: 1446). توێژەر "Steinkeller" پێی وایە دەقی چاکسازییەکە لە سەرەتادا ڕاگەیاندنی بۆ خەڵکی گشتی نەبووە، بەڵکوو تایبەت بە خوداوەندەکان بووە، بەڵام هۆکارێک هەبووە وای کردووە ئەم نووسراوە بۆ هەموو خەڵکی لەگەڵ ئاشکرا بکرێت، ئەویش بوونی ئەو تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەیە کە گوایە لەلایەن ئوروکاگیناوە بۆ بەدەستهێنانی مافی خەڵکی گشتی دانراوە، هەر بەم هۆکارەش ئاماژەکان بۆ ئەوەیە ئەم دەقانە بە کردار ڕاستەوخۆ پێش دەستبەکاربوونی ئوروکاگینا وەک پاشا دەرچووبێت و کاری پێ کرابێت، مەبەستی سەرەکییشی لێرەدا ڕاکێشان و بەدەستهێنانی سۆز و دەنگی خەڵک بووە، بەڵێن و ڕێکارییەکانی نێو چاکسازییەکە بنەمایەکی چارەنووسساز و ستراتیژیەتێکی سەرەکیی هەڵبژاردنی ئوروکاگینا بووە (Steinkeller.P, 2023:12-13) . هۆکاری سەرەکیی دانانی دەقی چاکسازییەکان ئەوە بووە خەڵکی لەگەڵ لە بارێکی خراپی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا ژیاون، چونکە دەسەڵاتداران و کاهینەکان دەستیان بەسەر موڵک و سامانی خەڵکی هەژار و پەرستگەکاندا گرتووە، بە ئارەزووی خۆیان بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان بەکاریان هێناوە. بار و گوزەرانی ژیانی خەڵکی لەگەڵ بەهۆی سەپاندنی باجی زۆر و فەرمانبەرانی گەندەڵ و دەستدرێژییە بەردەوامەکانی بەرپرسانەوە گران بووە (Diakonoff I, 1985:12)، ئەم هۆکار و کێشانە هەموویان بەیەکەوە بوونەتە هۆی ئەوەی گۆڕانکاریی ئابووری و کۆمەڵاتی ڕوو بدات، هاوکات چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان لە نێو کۆمەڵگەی لەگەشدا دروست بکات، بەڵام ئەو کاتەی دەسەڵاتی ئایینی و دونیایی جیا کرانەوە، ئەم کێشانە زۆر ڕوونتر دەرکەوتن، لەبەرئەوەی وای کرد لە یەک کاتدا دوو دەسەڵات لە کاهین و بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان لە کۆمەڵگەی لەگەشدا دروست بێت، بە جۆرێک هاوبەشییان لە چەوساندنەوەی خەڵکی هەژار و بێدەسەڵاتدا کردووە، لە هەمان کاتدا بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و سامانی زیاتر پێشبڕکێیان کردووە، ئەمەش وای کرد کێشەکان وا گەورە بن ناڕەزایی خەڵکی لەگەشی لێ بکەوێتەوە، هەروەها هەوڵی ڕێگریکردنی هەر کارێکیان داوە کە بووەتە هۆی ئەوەی بەهای ئازادی و ئابوورییان دابەزێنێت (خضر٢٠١٩: ٦٤٤-٦٤٥) بۆیە داوای پاراستنی مافی هەژاران و کەسانی بێدەسەڵات و بێوەژن و منداڵە هەتیوەکانیان کردووە، هەروەها بەرەنگاربوونەوە بەرانبەر بە باجی زۆری وەک ڕاوەماسی، تەڵاق و هاوسەرگیری و ناشتنی مردوو سەری هەڵداوە (Tatlow.E, 2004:8-9). ئەم کێشانە بەیەکەوە هاندانێک بوون بۆ ئوروکاگینا، بۆ ئەوەی کار بۆ چاککردن و نەهێشتنی گەندەڵی و کێشەکان بکات، هەروەها بڕیاری چاکسازیکردن و گۆڕانکاری و بەدەستهێنانی ئازادیی تاکەکان و گێڕانەوەی موڵک و زەوییەکانی خوداوەند بۆ پەرستگە بدات، ڕێگری لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لەلایەن دەسەڵاتداران و کاهینەکانەوە بکات (Everest-Phlilips.M, 2018: 27-63).

### ١.٣.٢. نـاوەڕۆکـی دەقـی چاکسازییەکەی ئوروکاگینا

ئێمە لێرەدا باس لە ناوەڕۆکی یەکێک لە کۆپییەکانی چاکسازیی ئوروکاگینادا دەکەین کە ئەویش ناسراو بە کۆپی "RIMI 1.09.09.01"، یاخود کۆپیی یەکەم (UKG.4/5,60)، ناوەڕۆکی دەقەکە هاوشێوەی هەر نووسراوێکی تری شاهانەیی، ناوەڕۆکەکەی لە چەند بەشێکی جیاوازدا لە: دەستپێک، ناوەڕۆک و کۆتایی پێک دێت. دەستپێکی دەقەکە بریتییە لە باسکردنی چالاکییە بیناسازییەکانی ئوروکاگینا لە دروستکردنی کۆشک و پەرستگە بۆ خـوداوەنـدە جیاوازەکان لـە شـاری لـەگـەش (Schrakamp.I,Gabor Zolyomi,2025: 94). لـەدوای دەستـپێـک، نـاوەڕۆکـی دەقـی چاکسازییەکە لە چوار بەشی جیاواز لە یەکتر پێک دێت، لە بەشی یەکەمدا باس لەو تاوان و پێشێلکارییانە دەکات کە فەرمانڕەواکانی پێشووتری لەگەش کردوویانە، (-$be_6$-$lu_5$-da $u_4$ bi-ta) "دابونەریتەکان لە سـەردەمـی پێشوودا هەبوون''، وەک تاوانی چەوساندنەوەی خەڵک بە باجی زۆر، هەروەها تاوانی فەرمانبەرانی گەندەڵ لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی خەڵکدا، پیشاندان و باسکردنی چۆنێتیی دەستبەسەرداگرتنی موڵک و زەوییەکانی پەرستگە لەلایەن خێزانی فەرمانڕەواکان و دەســەڵاتـدارانـی لـەگـەشـەوە (Wilckes.C, 2003:22). بەشی دووەم لە نـاوەڕۆکـی دەقی چاکسازییەکە لەو پارچەیە پێک دێت کاتێک ننگرسۆ جەنگاوەری خوداوەند ئەنلیل پاشایەتیی لەگەشی بە ئوروکاگینا بەخشیوە، لە نێوان ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتییانی لەگەشدا بە "LUGAL'' (پاشا) هەڵبژاردووە، ئەم بەشەی ناوەڕۆکیش بە هێڵێکی جیاکەرەوەی نێوان بەشی تاوان و چاکسازییەکان دەبینرێت، هاوکات هەردوو بەشەکەش بەیەکەوە پەیوەست دەکات (Steinkeller.P, 2023:13).

سێیەم بەشی ناوەڕۆک؛ باسکردنی چاکسازی و چارەسەرەکانە، ئەویش بەو ئامانج و مەبەستەی دابونەریتەکانی پێشوو بە سیستمێکی نوێ و گونجاو بۆ هەمووان بگۆڕدرێت، وەک ئازادکردنی زیندانییەکان، لێخۆشبوونی لـە قـەرزەکـانیـان و پاکبوونەوە لە تاوانەکانیان، هەروەها خوداوەندەکان وەک سەرۆکی بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان دەستنیشان کـردووە (Schrakamp.I, Gabor Zolyomi, 2024:4-5). چوارەم بەش و کۆتایی، ناوەڕۆکی دەقەکە بە ڕێککەوتنی نێوان ئوروکاگینا و خوداوەند ننگرسۆ دادەنـرێـت، تێیدا ئوروکاگینا داوا لە خوداوەند ننگرسۆ دەکات پەیمانی ئەوەی پێ بدات، بێوەژن و منداڵە بێباوکەکان ڕادەست بە کەسانی بەهێز و دەسەڵاتدارەکانیان نەکات و بیانپارێزێت (Wilckes.C, 2003, p. 22). کۆتایی دەقی چاکسازییەکە بە باسکردنی کارە ئاوەدانییەکانی پاشا ئوروکاگینا دەبێت، تێیدا باس لە دروستکردنی کەناڵێکی ئاو لە شاری گرسۆ بۆ خوداوەند ننگرسۆ دەکـات، هـەروەهـا گۆڕینی نـاوی کۆنی کەناڵەکە بە ناوێکی تازە، دەڵێت: "لە ناوەڕاستی ئەم ساڵدا ئوروکاگینا کەناڵێکی بچووکی بۆ شاری گرسۆ تایبەت بە ننگرسۆ دروست کردووە، ناوی پێشووی گۆڕی و ناوی لێ نا 'ننگرسۆ دەسەڵاتی لە نیپور هەیە''' (Schrakamp.I,Gabor Zolyomi,2025: 94).

### ١.٣.٣. دەقی چاکسازییەکانی ئیریگینا

دەقە چاکسازییەکانی ئوروکاگینا کۆپی "RIMI 1.09.09.01'' لە ١٢ ستوون پێک هاتووە، نزیکەی ٣٣٥ دێڕ لە نووسراوی مێخی، بەڵام لێرەدا تەنها بەشێکی کەم لە نـاوەڕۆک و بەشە جیاوازەکانی دەقەکە دەخەینە ڕوو (Frayne.D, 2007: 259-

265).

سەرەتای دەقەکە وەک دەستپێکێک کارە بیناسازییەکانی ئوروکاگینا لە لەگەش خراوەتە ڕوو، دەڵێت:

1. $^{d}$nin-gir$_2$-su: بۆ ننگرسۆ
2. ur-sag$^{d}$en-lil$_2$-la$_2$-ra: پاڵەوانی ئینلیل
3. IRI-KA-gi-na: ئوروکاگینا
4. Lugal: پاشای
5. Lagaš ki -ke$_4$: لەگەش
6. e$_2$-gal ti-ra-a: کۆشکی تیراشی
7. mu-na-du$_3$: دروست کردووە
8. an-ta-sur-ra: (هەروەها) ئەنتاسوڕای
9. mu-na-du$_3$: دروست کردووە
10. e$_2$$^{d}$ba-ba$_6$: پەرستگەی بابای
11. mu-na-du$_3$: دروست کردووە

لە بەشێکی تری دەقەکەدا باس لە تاوانەکانی ڕۆژانی پێشتووتر کراوە، دەڵێت:

1. u$_4$ ul-li$_2$-a-ta: لە سەردەمی پێشوودا
2. numun e$_3$-a ‘‘ژیان" ئەو کاتەی تووی چەکەرەی کردووە:
3. u$_4$-bi-a: لەو ڕۆژانەدا
4. lu$_2$ ma$_2$-lah̬$_5$-ke$_4$لەلایەن بەلەمەوانی سەرەکی:
5. ma$_2$ e-dab$_5$ دەست بەسەر بەلەمەکاندا گیراوە:
6. anše u$_2$-du-leگوێدرێژەکان لەلایەن شوانی مێگەلەوە:
7. e-dab$_5$ دەستی بەسەردا گیراوە:
8. udu u$_2$-du-l مەڕەکان لەلایەن بەرپرسی مێگەلەوە:
9. e-dab$_5$: دەستی بەسەردا گیراوە

لە بەشێکی تردا باس لە هەڵبژاردنی ئوروکاگینا وەک پاشای لەگەش دەکات، دەڵێت:

1. u$_4$ $^{d}$nin-gir$_2$-su: کاتێک ننگرسۆ
2. ur-sag $^{d}$en-lil$_2$-la$_2$-ke$_4$: پاڵەوانی ئینلیل
3. IRI-KA-gi-na-ra: ئوروکاگینا
4. nam-lugal: پاشایەتی
5. lagaš$^{ki}$: لەگەشی
6. e-na-šum$_2$-ma-a: پێ داوە
7. ša$_3$ lu$_2$ 3600 -ta: لە نێو (٣٦٠٠) هاوڵاتیدا
8. šu-ni e-ma-ta-dab$_5$-ba-a: دەستی گرتووە

دواتر بەشی چاکسازییەکان و چاککردنەوەی تاوانەکانی پێشوو هاتووە، دەڵێت:

1. ma$_2$-ta: بەلەمەکان
2. lu$_2$ ma$_2$-lah$_5$ لە بەلەمەوانی سەرەکی:
3. e-ta-šub: (گەڕێنرایەوە (وەرگرتەوە)
4. anše-ta گوێدرێژەکان:
5. udu-ta مەڕەکان:
6. u$_2$-du-biلە بەرپرسی مێگەلەوە:
7. e-ta-šub (گەڕێنرایەوە (وەرگرتەوە):

هەروەها دەڵێت:

1. dumu lagaš$^{ki}$: سەبارەت بە) هاوڵاتییانی) لەگەش
2. ur$_5$-ra ti-la:(ئەوانەی) لە قەرزدا دەژین
3. gur gub-ba: ئەو کەسەی) پێوەری گوری) داناوە (درۆی)
4. še si-ga: وە (بری) گوری جۆی دابەزاندووە
5. nig$_2$-zuh-a:(کەسێکی) دز
6. sag geš ra-a: وە کەسێکی بکوژ
7. e$_2$-eš$_2$-bi: زیندانی دەکرێن
8. e-luh: (تاوانیان) پاک دەبێتەوە
9. ama-gi4-bi: ئازادییان

10. e-gar: وەردەگرن
11. nu-siki nu-ma-kuš$_2$: بێباوک و بێوەژنەکان
12. lu$_2$ a$_2$-tuku: دەسەڵاتداران (بۆ بەهێزەکان)
13. nu-na-ga$_2$-ga$_2$: ژێردەستە نابێت
14. $^{d}$nin-gir$_2$-su-da: ننگرسۆ لەگەڵ
15. IRI-KA-gi-na-ke$_4$: ئوروکاگینا
16. inim-be$_2$ ka e-da-keš$_2$: ڕێککەوتنی پاندبوونیان بۆ ئەو فەرمانە کردووە

لە کۆتایی دەقەکەدا باس لە دروستکردنی کەناڵی ئاو دەکرێت، دەڵێت:

1. ša$_3$ mu-ba-ka: لە ناوەڕاستی ئەو ساڵەدا
2. i$_7$ tur gir$_2$-su: کەناڵێکی بچووک لە شاری گرسۆ
3. i$_3$-tuku-a: بەدەستی هێناوە
4. $^{d}$nin-gir$_2$-su-ra: بۆ خوداوەند ننگرسۆ
5. al mu-na-du$_3$: هەڵیکەندووە
6. mu u$_4$-bi-ta-bi: وە ناوەکەی پێشووی
7. e-še$_3$-gar: (گەڕاندەوە بۆ)
8. i$_7$ $^{d}$nin-gir$_2$-su nibru$^{ki}$-ta nir-gal$_2$: کەناڵی ننگرسۆ دەسەڵاتی لە نیپور هەیە

## ئەنجام

ئوروکاگینا بە نووسەری یەکەم نموونە و سەرەتاییترین چاکسازیکردنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و دەستەبەرکردنی ئازادیی تاک لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەژمار دەکرێت. دەقە چاکسازییەکانی بە بنەمایەکی سەرەتایی بۆ نووسینی یاسا نووسراوەکانی وڵاتی دوو ڕووبار دادەنرێت. نموونەیەکی سەرەتاییە بۆ پەیوەندیی نێوان زمانی یاسایی و دادپەروەری. لە ڕووی زمان و کاریگەریی لە سەر مێژووی زمانی سۆمەرییەوە، بە ئەرشیفێکی ڕوونی پەرەسەندنی زمانی سۆمەری و دەرکەوتنی دەستەواژەی یاسایی و فەرمی دادەنرێت. نابێت زیادەڕەوی لە گرنگیدان بە دەقی چاکسازییەکانی ئوروکاگینا بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا لە ئێستادا زۆر جار هەندێک لە توێژەران بە کۆنترین چاکسازی نایناسێنن، لەبەرئەوەی هاوشێوەی بەڵگە و مامەڵەی ئابووری و تۆمارە ئەرشیفییەکانی هاوسەردەمی خۆی دەبینن. بەڵام جیاوازیی دەقی چاکسازییەکانی ئوروکاگینا لەگەڵ دەقەکانی تردا ئەوەیە بە ڕوانگەیەکی دووانەیی و ڕەچاوکردنی ئەو بارودۆخە ئابووری و کۆمەڵایەتی و یاساییانەی لەو کاتەدا لە کۆمەڵگەی لەگەشدا هەبوون نووسراوە، لەبەرئەوەی هۆکاری سەرەکیی دانانی دەقی چاکسازییەکان ئەوە بووە خەڵکی لەگەش لە بارێکی زۆر خراپی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا ژیاون، چونکە دەسەڵاتداران و کاهینەکان تەنها بۆ پڕکرنەوەی ئارەزوو و بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان کاریان کردووە، ژیانی خەڵکیان بە دانانی باجی زۆر و دەستگرتن بەسەر موڵک و سامانی خەڵکی هەژار و پەرستگەکاندا گران کردووە.

-

## سەرچاوەکان

به ئینگلیزی:

- Arias.J, Marta Estela.2009., la tension politico-militar enter Lagash y sus vecinospor el control de espacios fronterizos, XII Jornadas Interescuelas /Departmentos de Historia, Universidad Nacioal del Comahue, San Carlos de Barilooche.

- Bauer.J,.1998.,Der Vorsargonische Abschnitt Der Mesopotamischen Geschichite, Mesopotamien Späturuk -Zeit und Frühdynastische Zeit,Annäherungen 1, OBO,160/1, Universitätsverlag Freiburg Schweiz Vandenhoeck &Rupercht Göttingen.

- Campbell Black.H,. 1968., Black's Law Dictionary, Fourth edition, Saint Paul, Minnesota.

- Cooper.J.2002. Reconstructing History from Ancient Inscriptions: the Lagash-Umma Border Conflict, IIMAS, Vol.2, No.1, Malibo.

- Deimel.P,. 1920. Die Reformtexte Urukaginas ", Orientalia, No.2.

- Diakonoff I.M,.1958.,Some Remarks on the. Reforms of Urukagina,RA, Vol. 52, No.

- Edzard.D,. 1991., Urukagina.Urukagina. AulaOr, Vol.9, No.1-2, Barcelona.

- Everest-Phlilips.M,. 2018., The Passionate Bureaucrat: Lessons for the $21^{st}$ Century from 4,500 Years of public Service Reform, Singapore.

- Foxvog.D A,. 2016., Elementary Sumerian Glossary, Guerneville, California USA.

- Foxvog.D A,.1994.,A new Lagaš Text Bearing on Uruinimgina's Reform, JCS, Vol.46, The University of Chicago Press.

- Frayne.D,.2007·,PreSargonic Period.2700-2350 BC., RIME, Vol.1, University of Toronto Press, Toronto, Buffalo&London.

- Hansen.D P,.1980-1983"‹.Lagaš,B. Archäologie›,RLA,Vol.6,Wlter de Gruyter ,Berlin &New York.

- Kobayashi.T,.1985.,The Ki-A-NAG of Enetarzi, Orient, Vol.21.

- Marchesi.G,.2015.,Chronology and Historical Geography of the $3^{rd}$ Millennium, ARCANE History &philology, Vol.3, Berpoles.

- McMahon.A, Holly Pittman , Zaid al-Rawi, Darren Ashby, Katherine Burge ,Reed Goodman, Emily Hammer, Sara Pizzimenti,.2023.,Dense Urbanism and economic multi-centrism at Third - Millennium BC Lagash, Antiquity, Vol.97, No.393.

- Meier Tatlow.E,.2004. , Women, Crim, and Punishment in Ancient Law and Society, The Ancient Near East, Vol.1, New York&London.

- Mesihović. S,.2022., URUKAGINA Sloboda i Pravda, Bosnia. Sarajevo.

- Molina.M,.1995.,La ley más Antigua Textos Legales Sumerios, Universitat de Barcelona. Pliegos de Oriente.

- Nadali.D,. 2020., Area B: Stratigraphy and Architecture of the Temples Mound at Tell Zurghul, Ancient Nigin, Iraq the Italian Archaeological Excavations at Tell Zurghul Ancient Nigin ,Iraq,Final Report of the Seasons 2015-2017, Quaderni di Vicino Oriente, Vol.16,

Encyclopedia of Ancient History, First Edition by Roger S. Bager, et al, Blackwel.

- Schrakamp.I. 2018. “Irrigation in 3rd Millennium،Southern Mesopotamia: Coniform Evidence from the Early Dynastic IIIb City-State of Lagash.2475-2315BC., Water Management in Ancient Civilazation, Vol.53, Berlin Studies in the Ancient World.

- Schrakamp. I, Gabor Zolyomi,.2024. Reevaluation.1. the So-called Reform of Urukagina: Social Justic, Vertical Solidarity and Reciprocity, ZAR, Vol.30, Germany.

- Schrakamp.I ,.2015. URUKAGINA und die Geschichte von Lagash am Ende der frühdynastischen Zeit, It’s a Long Way to a Historiography of the Early Dynastic Period.s, AVO, Vol.15, Ugarit-Verlag, Münster.

- Schrakamp.I,.2015., Urukagina, Sohn des Engilsa, des Stadtfürsten von Lagaš “: Zur Herkunft des Urukagina, des letzten Herrschers der,1. Dynastie von Lagaš , Altorientalische Forschungen , Vol. 42, No1, Germany.

- Schrakamp.I. 2015. Urukagina. Herrscher der1. Dyn. von Lagas, Reallexikon der Assyriologie und Vorderasiatischen Archäologie, Vol.14, No.5/6, Berlin.

- Selz. G J.2015. Ur-Nanše, RIA, Vol.14.

- Selz.G,.1998.,du$_{11}$-ga-ni-mu-gi-na, aber steht die Lesung von URU-KA-gi-na. -k. fest ? Ein Beitrag zum Problem des göttlichen Wortes in Sumerischen Personennamen , Altorintalische Forschungen, Vol.25, No.2.

- Seminara.S ,.2015.,Die Rede Des Königs. Die Sogenanten ,Refomen UruKAginas Roma.

- Nadali.D, Andera Polcaro,Lorenzo Verderam ,.2016.,New Inscription of Gudea from Tell Surghul/Niĝin, Iraq, Zeitschrift für Assyriologyie ,Vol.106, No.1, Roma, p16.: Huber Vulliwt.F,2009, Sirara “, RA, Bb.12, No7/8.

- Pittman.H ,.2023.,Back to Lagash, Greetings from Lagash, Expedition, Vol.65, No.1, Pen Museum, Birmingham.

- R.Foster.B,.1995., Social Reform in Ancient Mesopotamia “, Social Justice in the Ancient World, ed. K.D Irani and Morris Silver,London.

- Romano.L,.2014.,Urnanshe ‘s Family and the Evolution of Its Inside Relationshipes as Shown by Images, La Famille danse le Proche-Orient ancient:realites ,Smbolismes, et images, ed. Lionel Marti, Indiana.

- Sallaberger.W,. 2006., SumerIscher Zettelkasten,Leipzing-Münchener.

- Sallaberger.W ,Ingo Scharkamp,.2015. Philological data for a Historical Chronology of Mesopotamia in the 3rd Millennium ,ARCANE History &philology, Vol.3,Brepoles.

- Schrakamp.I,.2012. , Ur-Nanshe and the First Dynastic of Lagash, the Encyclopedia of Ancient History, First Edition by Roger S. Bager, et al, Blackwell.

- Schrakamp.I, Gabor Zolyomi.2025.“Reevaluation.2. the So-called Reform of Urukagina, Altorientalische Forschungen, Vol.52, No.1.

- Schrakamp.I. 2013. Lugalzagesi, The

Zwischen Politik und Theologe, It's a Long Way to a Historiography of the Early Dynastic Period.s., AVO, Vol 15, Ugarit-Verlag. Münster.

- Steinkeller.P.1991. The Reforms of UruKAgina and an Early Sumerian Term for Prison, Aula Or, Vol.9, No.1-2, Univesitat de Barcelona-IPOA.

- Steinkeller.P. 2023. Urukagina' s Rise to Power,The IOS Annual, Vol.23, Boston.

- Stenkeller.P,.1995.,Rievew work: Altsumerische Verwaltungstexe aus GIRSU/ LAGAŠ Joachim Marzahn ", JAOS, Vol.115, No.3.

-ePSD: The Electronic Pennsylvania Sumerian Dictionary..https://oracc.museum.upenn.edu/epsd2/.

- CDA: A Concise Dictionary of Akkaian.,.2000., Edited byJermyBalck, Andrew George, Nicholas Postagate, Harrassowitz Verlag. Wiesbaden.

- CDLI:.https://cdli.earth.

بە عەرەبی:

الجبوري، جاسم شهد وهد، (٢٠٢٣)، تدمير وحرق المدن في بلاد الرافدين (٢٨٠٠-٥٣٩ق. م)، مجلة القادسية في الاداب والعلوم التربوية، مج٢٣، ع٣، الجزء ١.

•داليا حنفي محمود، (٢٠٢٢) المعبود لوجل أورو-كر في مصادر ملوك أسرة لجش الأولى، مجلة كلية الاداب، ع٧١، كلية الاداب، جامعة المنصورة، مصر.

•الأنصاري، داليا فوزي،(٢٠٢٠) الأسرة العراقية القديمة في ضوء النصوص المسمارية، رسالة ماجستير(منشورة)، كلية الاداب، جامعة بغداد.

•العكيلى، رجاء كاظم عجيل، ((٢٠٢٦) سلالةلجش الاولى ]٢٥٥٠-٢٣٧٠ق.م[ والثانية [٢٢٥٠-٢١١٤ق.م] دراسة تاريخية، رسالة ماجستير، جامعة بغداد.

•جاسم، فارس عجيل، (٢٠٢١) دراسة تاريخية في نهب الآثار العراقية لكش أنموذجا، مجلة أبحاث البصرة للعلوم لإنسانية، ع١، مج ٤٦، جامعة البصرة.

•عبدالأمير، محمد، (٢٠١٥) أوروكاجينا ملك المظلوم، مجلة الفنون وألادب وعلوم الانسانيات والاجتماعات، ع١، جامعة المستنصرية، بغداد.

الملخص

أوروكاجينا، آخر ملوك السلالة الأولى في لجش، يعتبر أحد أقوى الملوك السومريين في النصف الثاني من عصر فجر السلالات السومرية (٢٥٠٠-٢٣٥٠ق.م) في جنوب بلاد ما بين النهرين. يعد أيضا كاتبا لأقدم نص للإصلاح الاجتماعي والاقتصادي، والذي يعتبر أحد أقدم الأمثلة على التشريعات والتنظيمات الاجتماعي في التاريخ، ظهرت نصوص إصلاحاته في خمس نسخ مختلفة من حيث المحتوى والتاريخ، وقد حفظت على حوالي (١٠) مخاريط،دونت أغلبها على معظمها على مخاريط فخارية و أوان بيضاوية الشكل، جميها تكتمل بعضها البعض من حيث المعلومات، وقد عمل ئيريكاجينا على استرداد حرية المواطنين الذين تعرضوا لشتى صنوف الظلم والاضطهاد، فأعاد إليهم حقوقهم التي سلبت وبدأ مرحلة من اللإصلاحات الجذرية في بنية الدولة ومجتمعها، ويعد نص إصلاحات أوروكاجينا من أقدم النصوص التي ذكر كلمة سومرية (ama-gi) "الحرية"، في إشارة إلى تحرير المواطنين من الأعباء الجائرة مما يجعل من هذا الملك رمزا مبكرا لفكرة العدالة الاجتماعية و اللإصلاح المدني في التأريخ.

Abstract

URU-kagina, the last king of the first dynasty of Lagash, is considered one of the most powerful Sumerian rulers during the Early Dynastic IIIb or Pre-Sargonic Period (2500–2350 BCE) in southern Mesopotamia, He is also recognized as the author of the earliest known text on economic and social reform, regarded as one of the oldest examples of legal and social regulations in history, Records of his reforms appear in five different versions ,varying in content and historical context, preserved on around ten inscriptions—mostly on clay cones or oval-shaped clay tablets, In terms of information they all complement each other, Urukagina worked to restore freedom to citizens who had suffered various forms of oppression and injustice, returning radical reforms in the structure of the state and society. his reform text contains the earliest known written use of the Sumerian word (ama-gi) “Freedom referring to the liberation of citizens from unjust burdens, this made him an early symbol of social justice and civil reform in .history

Keywords: Uru-Kagin, Reformation, ,Legal, Text